# سیاسەتەکانی فریودان
## گفتوگۆ لەگەڵ «ژان بۆدریار»



سازدانی:

سۆزان مۆر
ستیڤن جونستۆن

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرەنسی، ژان بۆدریار (*1929-2007*)، لەلایەن سۆزان مۆر و ستیڤن جۆنستۆنەوە لە کانوونی دووەمی ساڵی *1989*، بۆ گۆڤاری «مارکسیزمی ئەمڕۆ»ی بەریتانی ئەنجامدراوە. لە ئەسڵدا بە ناونیشانی «سیاسەتەکانی فریوودان» (*The Politics of Seduction*) بڵاوبۆتەوە. لێرەدا پشت بەو نوسخەیە بەستراوە کە لە کتێبی *Baudrillard live: Selected Interviews* دا بڵاوبۆتەوە، کە «مایک گین» (ڕۆتلیدج *1993*) دەریکردووە.

*** دوایین کتێبت لەبارەی ئەمریکاوە بوو، وتووتە: «هەموو ئەو تێمایانەی کە لە کتێبەکانی پێشترمدا کەشفکراون، لە ناکاو لە فۆرمێکی هاوبەند و پێکەوەسازاودا لەبەردەممدا کرانەوە». پرسیارەکان دەربارەی لەدەستچوونیواقیع، لەپێشینەیی وێنە، پاسیڤیزمی «جەماوەر» دیسانیش لە کتێبە نوێیەکەتدا دەردەکەونەوە. وەك دەڵێیت هیچ ئومێدێك لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا نییە. بەڵام، ئەی چی ئومێد بە تۆ دەدات؟**

- لە ڕابردوودا وتوومە ئومێد تاڕادەیەک بەهایەکی ناپێویستە. ئێمە لە سەردەمێکداین کە تێیدا ئومێد بە ئایدیا زۆر روون نییە. پێموایە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یۆتۆپیاکان زۆر چالاکن- بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی فێمێنیزم و شتی لەم بابەتە، ئەمەیش بەو بزووتنەوانە دەوترێت کە ئومێد دەبەخشن و خولیای ئەوەیانە ببنە بزووتنەوەگەلی شۆڕشگێری. بەڵام لە حەقیقەتی کردیی زێدە-واقیعی ئەمریکیدا، ئەم بزووتنەوانە بەشێکن لە گەمەی زڕە-نواندنەوە (دیعایە) خۆی. ڕەنگە بەشێک نەبن لە دەسەڵاتی فەرمی، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ڕۆڵێک لە پرۆسەی زڕە نواندنەوەیەکی زەبەلاحدا دەگێڕن کە ئەمریکایە.

لە ئەمریکا گرنگ کردەیە، ئیدی گرنگ نییە ئایدیاکانی باشن یان خراپ. ئەوان لەمەدا بێبەری و پاکژ نین، یان لەمە بێ خەوش نین. بەم جۆرە ئەوان هەڵوێستێکی زۆر رووکەشیان لەبارەیانەوە هەیە. بەردەوام دەبن لە گۆڕانکاری. بزووتنەوەکان دەردەکەون و نامێنن، بەڵام لەبەرئەوە نییە ئایدیاکان باشن یان خراپ، بەڵکو هەر بە سادەیی وەک بەڵگەیەک لەسەر زیندوویتی –زیندوویتی ماتریاڵیی واقیعی ئەمریکی دەردەکەون کە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. لێرەدا، پێموانییە بکرێت ئەم جۆرە مەسەلانە بە زاراوە سیاسییەکان وەسف بکرێت. باوەڕم بە بزووتنەوەی ئیکۆلۆژی نییە، بەڵام هەر دەیشیکەم. پێویست نییە مرۆڤ باوەڕی بە شتێک بێت تاکو بیکات، تەنیا ئەوە خۆشە بڵێم دەیکەم. کردن گرنگە ئیدی گرنگ نییە ئایدیاکان باش بن یان خراپ. وەک نموونەیەک بۆ گۆڕان و ئاڵوگۆڕی وزە، هێشتا ئەمریکا ئێجگار زیندووە. زۆر لە ئەوروپا زیندووترە.

*** لە کتێبی «ئەمریکا»دا وەها وەسفی کولتووری ئەمریکی دەکەیت کە «کولتوورێکی موبتەزەلە، بەڵام ئاسانییشە»، کولتوورێکە ڕۆشنبیرەکانی ناتوانن شرۆڤەی بکەین. ئایا ئەم قسەیە بە شاراوەیی گریمانەی نۆستالژیایەك ناکات بەرەو «کولتووری ئەوروپی»، بە تایبەتیش کولتووری ئەکادیمی؟**

- بەڵێ، هەڵوێستی ئەوروپی زۆر ناڕوونە. مۆدێلی ئەوروپی وەها کولتووری ئەمریکی دەبینێت کە زۆر رووکەشە و بەشێوەیەکی رووکەشیش شیکاریی دەکات. بەڵام کولتوور یان نا-کولتووری ئەمریکی، لە خۆیدا زۆر ڕەسەنە. ئەم کولتوورە تەنیا لە کەموکورتی کولتوورییدا کورت نەبۆتەوە و پێویستی بەوەیش نییە بەشێوەیەکی نەرێنی تەفسیر بکرێت. دەبێت وشەی «رووکەش» بخرێتە نێوان دوو کەوتەوە، چونکە من شێوازێکی زۆر ئاسایی و بێبەهام بۆ روانین لە ئەمریکا هەڵبژاردووە و گۆڕیویشمە. ئەم نا-کولتوورە لە خۆیدا پۆزەتیڤە و نابێت لە چاوانی نۆستالژیای ئەوروپییەوە لێیی بڕوانرێت.

*** ئەگەر ڕۆشنبیرە ئەمریکییەکان نەتوانن لە کولتوورەکەی خۆیان تێبگەن، ئەی داخۆ تۆ هاوڕای ئەمبێرتۆ ئیکۆیت کە دەڵێت پێویستە پرۆفیسۆرە ئەمریکییەکانی زانکۆ خانەنشین بکرێن؟ ئایا دەشێت قوتابیانی خوێندنگەکان تێگەیشتنێکی تەواو ڕوون و ڕاشکاوی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگەکەیان هەبێت کە ڕۆشنبیرەکان هەرگیز ناتوانن هەیانبێت؟**

- بەڵێ.. ئیمکانییەتی تێگەیشتنێک هەیە لە ڕێگەی بەڵگەنەویستییەوە. بەڵام ڕۆشنبیری ئەمریکا ناتوانێت لە کۆمەڵگەکەی تێبگات، چونکە لە گێتۆیەکی کولتووریدا گیری خواردووە. شێوازە بەرگریکارییەکەیشی کە لاساییکردنەوەی کولتووری ئەوروپییە، ڕووی دەکاتەوە کە بۆچی جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ڕۆشنبیری ئەمریکی و کولتووری ئەمریکیدا هەیە. بێگومان، گەنجان بەڵگەنەویستی زیندووتریان هەیە و لەم دۆخە ساختەیەدا نین. کاتێک ویستم خۆم لە لە زیدە-واقیعی ئەمریکی بکۆڵمەوە، هاوکارەکانم نەیانویست بەشداریی بکەن، لەبەرئەوە لەگەڵ ئیکۆدا ناڵێم پێویستە خانەنشین بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا گەر لەدەستمبێ دەمەوێت بیاننێرم بۆ بیابان.

*** بەها، بەڵێ، بیابان! دەڵێیت: ‹بیابانەکان پێکهاتەیەکی باڵای دوور لە هەر کۆمەڵگەیەک، دوور لە هەر سەنتیمێنتالیزمێك، هەر سێکسوالێتییەکیان هەیە››. پێشنیاری ئەوەیش دەکەیت کە ‹پێویستە هەمیشە مرۆڤ شتێك ئامادە بکات تاکو لە بیاباندا بیکاتە قوربانی (sacrifice) و وەك قوربانی پێشکەشی بکات. ژن. ئەگەر شتێك هەبێت لەوێ بەدوای ئەمەدا بێت، شتێك کە لە جوانیدا هاوتای بیابان بێت، بۆچی ژن نییە؟›› ئامانج لەم قسە هەراسانکەرە بێ پاساوە چییە؟ ئایا بەرەنجامی سروشتی ئەمەیە کە قوربانی بە فەیلەسوفێکی پۆستمۆدێرنیتی بدرێت لە ناوەندی شاردا؟**

- ڕەنگە ئایدیایەکی زۆر باش بێت کە بە ئاشکرا قوربانی بە فەیلەسوفی پۆستمۆدێرنیتی بدرێت. لەو وێنەیەدا کە لەبارەی قوربانیدان بە ژنەوە خستوومەتەڕوو برێک هەراسانکاری «الإستفزازیە» هەیە، بەڵام بە پێموانییە بە زەرورەت زاراوەی «قوربانیدان» نێگەتیڤ بێت. من وەک شتێکی پۆزەتیڤ لێی دەڕوانم. برێکی دیاریکراو «قوربانیدانی دوولایەنە، بۆ نموونە، لە فریوودانەدا هەیە. شتێک کە پێویستە بکرێت بەڵام وایانبینم ناچار بێت کەسێک بسڕێتەوە- ڕەنگە



**هەڵوێستی ئەوروپی زۆر نارِوونە. مۆدێلی ئەوروپی وەها کولتووری ئەمریکی دەبینێت کە زۆر ڕووکەشە و بەشێوەیەکی ڕووکەشیش شیکاریی دەکات. بەڵام کولتوور یان نا-کولتووری ئەمریکی، لە خۆیدا زۆر ڕەسەنە**

پێویست بێت شەهوەت و عەشق بمرن. قوربانیدان بە ژن لە بیاباندا پرۆسەیەکی لۆژیکییە، چونکە مرۆڤ لە بیاباندا شوناسی خۆی ون دەکات. لێرەدا قوربانیدان کردەیەکی باڵایە و بەشێکە لە درامای بیابان. کردنی ژنیش بە بابەتی قوربانیدان ڕەنگە گەورەترین ستایش بێت کە بتوانم هی ژنی پێ بکەم.

*** بەم دواییانە لە نیویۆرك، پێشانگایەك هەبوو بە ناوی ‹‹بەرەنگاری (دژ بە بۆدریارا)››، ژمارەیەك هونەرمەندی دیار بەشدارییان تێدا کرد. هەست بە چی دەکەیت کاتێك وەك شتێك هەست بە کتێبەکان [و نووسینەکانت] دەکەیت کە دژی دەجەنگن، بەوە تۆمەتباری دەکەن کە ڕەشبین و پاسیڤن و هیچ ڕێگایەکیش بەرەو پێشەوە پیشان نادەن [ئەڵتەرناتیڤ ناخەنە ڕوو]؟**

- وەک پێشتر وتم، هەمیشە ڕەگەزێکی هەراسانکەر لە نووسینەکانمدا هەیە. ئەوەیش جۆرێک تەحەدا دەخاتە بەردەم ڕۆشنبیر و خوێنەر، جۆرە گەمەیەکیش دەست پێدەکەن. بێگومان، ئەگەر خەڵکان هەراسان بکەیت، ئەوا دەبێت پێشبینی دژە-هەراسانکردن و هەندێ کاردانەوەی نێگەتیڤیش بکەیت. ئەو بێزراوییەی تێیدام شتێکی ئێجگار خۆش و تینبەخشە. وا دەردەکەوێت ڕەنگە هەر بە نا-ئاگایانە، نەرێنبوونەکەی خۆمم بۆ گواستبنەوە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە پێشبینیم دەکرد. دەتوانم بڵێم زێدە-کاردانەوە (hyper-reaction) بەرامبەر کارەکەم هەبوو، کەوایە لەم ڕوانگەیەوە من سەرکەوتوو بووم.

*** کەواتە دەربارەی جێگەی ژن لە کارەکەتدا چی؟ ئایا ئەوان پسپۆری فریوودانن؟**

- من هاوڕای ئەو ئایدیۆلۆژیا دەمارگیرەی فێمێنیزم نیم کە دەڵێت ژن وەک فریوودەرێک (seducer) گوزارشتە لە ڕۆڵێکی سووکایەتیپێکراو. بە بۆچوونی من، ستراتیژییەتی فریوودان هێزێکی شادیبەخش و ڕزگارکەرانەی



Jean Baudrillard

ژنە. ئەمە وزە لە لەبەرگرتنەوە (simulation)ـەوە وەردەگرێت. بەداخەوە، لە فێمێنیزمدا هەر شتێک بەختی هەبێت کە ژنانە بێت بەرگری لێدەکرێت -نووسینی ژنانە، شیعر، هەر جۆرە داهێنانێکی هونەری، ئەمەیش وا دەکات ئەمەیش وا دەکات مەسەلەکە ئاوێنەی لەبەرگرتنەوە پیاوانە بێت. ئەمە لەبەرگرتنەوەیە نەرێنییە و جێگای داخە. پێموایە ستراتیژیەتی ژنانەی فریوودان نامۆبوون (alienation)ی ژن نییە، وەک ئەوەی فێمێنیستەکان بۆی دەچن. دەبێت مرۆڤ دەست لە جەنگی نێوان دوو ڕەگەزەکە هەڵگرێت و لە نامۆبوونی سێکسییانە دووربکەوێتەوە. نابێت پیاوان و دژنان دژایەتیی یەکتری بکەن. پێموایە مرۆڤ دەتوانێت فریووی مێینەیی وەک فەزیلەتێکی پۆزەتیڤ بەدەست بهێنێتەوە، ئەمەیش یەکێکە لە ڕێگا باشەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکەدا. بەڵام بێگومان ڕیسکی ئەوە دەکەم کە ڕووبەڕووی هەڵەتێگەیشتن ببمەوە. گرنگ ئەوەی ڕەخنەی ژن بکرێت وەک ژن. فریوودان تەنیا ستراتیژییەتێکی سێکسی نییە.

*** ئایا ئەم ڕوانگەیە ڕوانگەیەکی ڕۆمانسیی نییە بۆ ژن وەك بوونەوەرێکی باڵا هەوەك (transcendent)؟**

**ئەوەی زۆرێك لە ژنان ڕەخنە لەو جەوهەرگەراییە دەگرن کە تۆیش ڕەخنەی لێدەگریت.**

- گرنگە وەک ژن ڕەخنەی ژن بکرێت. فریوودان تەنیا ستراتیژییەتێکی سێکسی نییە و، تاکلایەنەیش نییە. بەڵکو بەندە بە هاودەستییەوە. کۆمەڵێک ڕێسا بۆ گەمەکە هەیە. فریوودان گەمەیەکی زۆر جەستەیی و یەکسانانەیە. هەردوو لا بە قووڵی دەچنە نێوییەوە و گرەوەکانیش گەورەن. بە جۆرێک لە جۆرەکان فریوودان ئایدیۆلۆژیایەکە کە لەسەر حسێبی دیموکراسییەت یاریی دەکات. ئێستا پیاوان هەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئایدیۆلۆژیایەک کە بیانناسێنێت، پێموایە دەبێت مێینەیی لە سنوورە بەرتەسکەکانی خۆی زیاتر بڕوات، دوورتر لەو ڕێگەیەی کە لەم ساتەی ئێستادا خۆی لێوە دەبینێت.

***کەواتە گەر وەها بێت، دەتوانین لەبارەی عەشقەوە بدوێین؟**

- یاخیبوونێک هەیە، بەڵام بەڕاستی نازانم. شتێکی زۆرم نییە لەبارەی عەشقەوە بیڵێم.

*** منداڵت هەیە؟ منداڵەکان واتلێدەکەن گەشبین بیت؟**

- دووانم هەیە لە تەمەنی پێگەیشتن و کامڵبووندان. ڕەنگە باوکێکی خراپ بووبم، چونکە هیوا کەسییەکانی خۆمم بەسەردا نەدان. پاشان، ئەوان خۆیان ڕێگای خۆیان دۆزییەوە و ئەوەیان کرد کە دەیانویست بیکەن.

*** قومار دەکەیت؟**

– بەڵێ، لە لاس ڤێگاس دەیکەم. هەندێجاریش قومارچی نیم.

*** ئایا قومارکردن بە کاری خۆت دادەنێیت؟ ئەگەر وابێ ئەی چی لە گرەودایە؟**

– نازانم ئاخۆ دەتوانن ناوی بنێین گرەوی کولتووری. بەڵام نابێت گرەوەکان تێکەڵ بە بەرەنجامەکان بکەن. کێشەکە ئەوە نییە کارەکە تەواو بێت، -ڕەنگە کار هیچ گرەوێکی تێدا نەبێت- کار لە دەوری خۆی دەسووڕێتەوە تاوەکو تەواو دەبێت. پێموایە گرەو ]ی قومار[ ڕەنگە زیندووێتی کار بێت. ئەمە بە نزیکەیی لە یاریی پۆکەر دەچێت. بە شێوەیەک لە شێوەکان گەمە زیاترە لە موزایەدەکردن لەپێناو بینینی دەست و پێڕی ئەوانیتردا. گرەوەکە ئەوەیە ئەوانیتر ئەوە دەربخەن کە لەدەستیاندایە.

*** لە «مووچوڕکی سۆسیالیزم» (The Ecstasy of Socialism) دا، سەرزەنشتی «ساویلکەیی نا-ماقووڵی فیکری سۆسیالیستی» دەکەیت. ئایا ئەم دۆخە هەر بە سادەیی نائومێدییە لە سیاسەتەکانی پاش68-؟**

**ئایا تەنیا گۆڕینەوەی هەر بەرکەوتنێك لەگەڵ ]کایەی[ سیاسیدا ناکات لەپێناو شەیدایی بە نا-ماقوڵییەتی کولتووری بەرخۆری؟**

- کێشەیەکی دیاریکراو هەیە، چونکە نەوەی 68 هەموو شتێکی خستە گەمەوە. نکوڵییەکی سەرسوڕهێنەر لە کولتوور هەبوو، قوربانیشیان بە بەها سیاسییەکاندا. بێگومان، دوای قوربانی ئەوەی دەمێنێتەوە بەتاڵییە، بەتاڵیی کولتووری. لە ئەمریکا، جێگای ئەم بەتاڵییە پڕ کراوەتەوە، نەک لە ڕێگەی کولتوورەوە بەڵکو لەڕێگەی ڕووداوەکان (events)ەوە، کە ئاڵوگۆڕی لەگەڵ دیمەنی سیاسی 68دا هەیە- یاریی ئاگرینی کولتووری.

ڕادیکاڵیزم 68 گەیشت بە ڕووداوی گەورە، هەر بەوجۆرەی کە داتەپینی بۆرسە و دەرکەوتنی ئایدز دەگەن بە ڕووداوی گەورە- ئەوە ڕادیکاڵیزمی ئەمریکییە. ئەمە ڕادیکاڵیزمێکە کە ڕۆشنبیر تێیدا جێگەی نابێتەوە، ڕۆشنبیر بە واتا تەقلیدییەکەی وشەکە. ڕادیکاڵیزمی کولتووری بووە مایەی ڕووداوەکان، پاشان ڕۆشنبیر بێکاریگەر کرا. ڕۆشنبیر هیچ داهاتوویەکی نییە.